ئەحمەد عەلوانی دوای زیاتر لە 12 ساڵ زیندانی ئازادکرا

سەرچاوەیەکی ئەمنی ئەمە یەکشەممە رایگەیاند، دوای 12 ساڵ لە زیندان، ئەمە ئەحمەد عەلوانی کە لە ساڵی 2013دا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بو ئازادکرا.

بەوتەی سەرچاوەیەکی ئەمنی، ئەحمەد عەلوانی دوای زیاتر لە 12 ساڵ زیندانی ئازادکرا، لە کاتێکدا کە لە ساڵی 2013دا سەرکردایەتی خێپیشاندانەکانی دەکرد و لەلایەن هێزێکی سەربازییەوە لەماڵەکەی خۆی دەستگیرکرا.

ئەو سەرچاوەیە باسی لەوەشکردوە، "ئێستا ئەحمەد عەلوانی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە لە زیندانی ناوەندیی سوس لە سلێمانی دەگوازرێتەوە بۆ رومادی".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەحمەد عەلوانی یاسای لێبوردنی گشتی نایگرێتەوە، بەڵام بنەماڵەی سەربازە کوژراوەکان، دوای ئەوەی پارەی خوێنیان پێدرا کە بە زیاتر لە یەك ملیار دینار مەزەندە دەکرێت، داوای یاسایەکەیان کشاندەوە، دادگای تەهەڵچونەوەی بەغداش، بۆیاری ئازادکردنی بۆ دەرکرد".